حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلان دانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# سیاسەتی بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمیەکان

تشرینی دووەم/2014

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلان دانان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

# سیاسەتی بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمیەکان

تشرینی دووەم/2014

وەزارەتی پلان دانان/ دەستەی ئاماری هەرێم

مافی چاپکردنی لە دەستەی ئاماری هەرێم پارێزراوە

تەلەفۆنی بگۆڕ: +964662559170

ئیمێل : contact@krso.net

http://www.krso.net

## پێشەکی

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ پەرەسەندنی خزمەتگوزارییەکانی ئاماری کە خزمەتی پێداویستییەکانی هاوەڵەکان دەکات بە گشتی ، لێرەدا سیاسەتی بلاْوکردنەوەی ئامارە فەرمییەکان لەسەر بنەمای دوا گۆڕانکارییەکان لە بواری ئاماری نێودەوڵەتی بە شێوەیەك کە خزمەتی پلانی چاکسازی سیستەمی ئامار بکات.
سیاسەتی بلاْوکردنەوە تیشك دەخاتە سەر ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوەڵەکان و پێدانی توانا بە بەکارهێنەران.
ئەوەی گرنگە کە سیاسەتی بلاْوکردنەوەی ئامارە فەرمییەکان کە بە شێوەیەکی گەورە پشت دەبەستێت بە بلاْوکردنەوەی ئەلیکترۆنی کە وێب سایتی دەستە بە دەروازەی سەرەکی دادەنرێت بۆ بلاْوکردنەوەی ئامارە فەرمییەکان لە هەرێم، وە ئەو ئاراستە کردنە گونجاوە لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو تەکنەلۆجیا خێرایەی کە بەشدارە بە شێوەیەکی گەورە لە هۆکار و ڕێگاکانی گەیاندنی زانیاری بۆ گشت بەکارهێنەران لە یەك کاتدا بە پێی بنەما سەرەکیەکانی ئامارە فەرمییەکان.

لێرەدا ئێمەش دڵنیاین کە ئەو سیاسەتەی بلاْوکردنەوەی ئامارەکان هەنگاوێکە لە ڕێرەوی پەرەسەندنی ئامارە فەرمییەکان لە هەرێم کە خزمەتی پشتگیری بەکارهێنانی داتای ئاماری لە پلان و دانانی سیاسەتەکان و داتای بڕیارەکان.

## دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

## سیاسەتی بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمیەکان

سیاسەتی بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان بنەماکانی رێکارو رێنماییەکانی بڵاوکردنەوەی ئامارە فەرمییەکان لەخۆدەگرێت. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەم سیاسەتە لە ڕێگای پلانی کاری شیاو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان کە بریتییە لە پتەوکردنی ڕۆڵی ئامارە فەرمییەکانو دابینکردنی داتاو زانیاری بۆ بەکارهێنەران لە کاتی گونجاودا لەگەڵ دڵنیابوون لە ئاسانی بەکارهێنانیان.

**ئامانجی ئەم سیاسەتە بریتییە لە:**

1. یەکخستنی بڵاوکردنەوەی ئامارەکانو دابینکردنی پێداویستیەکانی بەکارهێنەران لە نێوان دەزگای ناوەندی ئامارو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
2. پتەوکردنی بەرجەستەبوونی (Presence) دەستەی ئامار لەسەر ئاستی هەرێم لە بواری بڵاوکردنەوە و گشتاندنی ئامارە فەرمیەکان.
3. دەرخستنی ڕۆڵی دەستەی ئامار (Visibility) لە نێوان دەزگاکانی هەرێم وەك لایەنی تایبەتمەند لە بڵاوکردنەوەو گشتاندنی ئامارە فەرمیەکان.
4. پارمەتیدانی بەکارهێنەرانو هاوبەشان (Empowerment) لە بەکارهێنانی ئامارە فەرمیەکان بۆ مەبەستی پلاندانانو سیاسەت دارشتن.

**یەکەم: چینی بەکارهێنەران**

چینەکانی بەکارهێنەرانی ئامار دەرچووەکان لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەمانە لەخۆدەگرێت:

1. هاوبەشەکان
2. دەزگا نێودەوڵەتیەکانو دەزگاکانی ئامار
3. دامودەزگا حکومیەکان
4. دەسەڵاتە خۆجێییەکان
5. دەزگاکانی ئەکادیمیو لێکۆڵینەوە
6. کتێبخانە گشتیەکانو تایبەتمەندەکان
7. کەرتی تایبەت
8. جەماوەر بەگشتی

## دووەم: بڵاوکردنەوە و گشتاندنی ئامارە فەرمیەکان

1. بنەما گشتیەکان

- ئامارە فەرمیەکان کاڵای گشتیین.

أ- ئامارە فەرمیە بڵاوکراوەکان کاڵای گشتیین بەپێی بنەما سەرەکیەکانی ئامارە فەرمیەکان کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە لە ساڵی 1994 و نوێکردنەوکانی لە ساڵی 2014.

ب- ئامارە فەرمیەکانی وەك بەیاننامەی رۆژنامەوانی و ڕاپۆرتی ئاماری لە پێگەی ئەلیکترۆنی دەستەی ئامار بە مەبەستی بەردەستبوونی بۆ هەموو بەکارهێنەران.

ت- دەستەی ئامار بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی دەبەستێت لە رێگای پێگەی ئەلیکترۆنی دەستە و بڵاوکردنەوەی دیجیتاڵی لە رێگای کۆمەڵێك داتای شیاو بۆ بەکارهێنانی گشتی، بەڵام بڵاوکردنەوەی چاپکراو تەنها بۆ بڵاوکراوەی تایبەت و دیاریکراو دەبێت.

- کاتەکانی بڵاوکردنەوەی ئامارەکان

أ- کاتەکانی بڵاوکردنەوەو گشتاندنی ئامارە فەرمیەکان بۆ هەموو بەکارهێنەران بەپێی ڕۆژژمێری ئاماری دیاری دەکرێت، ئەم ڕۆژژمێرەش لە پێگەی ئەلیکترۆنی دەستە بڵاودەکرێتەوە.

ب- هەر گۆڕانکاریەك لە کاتەکانی دیاریکراوە بۆ بڵاوکردنەوە دەبێت بە ڕەزامەندی سەرۆکی دەستە یان ئەوانەی رێگایان پێدەدات بێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەسەری ڕێککەوتوون.

- بەئەرشیفکردنی بەرهەمە ئامارییەکان

أ- بەئەرشیفکردنی سەرجەم بەرهەمە ئامارییەکان لە ڕاپۆرت و بڵاوکراوەی ئاماری دەرچوو لەلایەن دەستە بەپێی ئەو ڕێکارانە دەبێت کە لەسەری ڕێککەوتوون.

ب- ژمارەیەکی ناساندن بۆ هەر بەرهەمێکی ئاماری دەردەکرێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەسەری ڕێککەوتوون.

پ- کاری بەئەرشیفکردن کۆپی ئەلیکترۆنی بەرهەمەکان دەگرێتەوە بە شێوازی ڕەسەنی ( Source Files).

ج- بەشی بڵاوکردنەوە بەپرس دەبێت لە بەدواداچوونی بەئەرشیفکردنی سەرجەم بەرهەمە ئامارییەکان.

2. پاراستنی داتا Data Protection

داتای ئاماری بڵاودەکرێتەوە و دەخرێتە بەردەست بەکارهێنەران بەپێی یاسای ئاماری کارپێکراو.

3. ڕێکارەکانی ڕاستکردنەوەی هەڵە و هەموارکردنی بەرهەمە ئامارییەکان

هەر گۆڕانکاریەك یان هەموارکردنێك لە بەرهەمە ئاماریە بڵاوکراوەکان رادەگەینرێت لە رێگای پێگەی ئەلیکترۆنی دەستەی ئاماری هەرێم بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەسەری ڕێککەوتوون.

## سێیەم: بەرهەم و خزمەتگوزاریە ئاماریەکان

1. بەرهەمە ئاماریەکان: بەرهەمە ئاماریەکانی لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم دەردەچێت بریتین لە:
   - ڕاپۆرتی ئاماریی چاپکراو
   - ڕاپۆرتی ئاماریی ئەلیکترۆنی
   - بابەتە بڵاوکراوەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی دەستە لە داتابێسەکان یان خشتە ئاماریەکان یان فایلی تر
   - نەخشەکانی ئاماری وپێکهاتەکانی وەکو shape file
   - داتای وەسفی وەك هێماکردن وپۆلینەکان و میتۆدەکانی کارکردن
2. خزمەتگوزاری ئاماری/تەکنیکی: خزمەتگوزاری ئاماری ئەمانە لەخۆدەگرێت:
   - داواکاریەکانی خزمەتگوزاری جەماوەر
   - ڕاوێژکاری تەکنیکی لەلایەن دەمودەزگا حکومیەکانی تر یان کەرتی تایبەت
3. بابەتە ئاماریەکان
   - ئامارە بڵاوکراوەکانی دەستە بەپێی بابەتە ئاماری پێوەری پۆلین دەکرێن بۆ ئەوەی بەکارهێنەران بتوانن بە خێرایی بگەن بە داتاکان.
4. نیشاندەری کوالێتی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان
   - بریتیە لەو ڕاپۆرتە ئاماریانەی لەلایەن دەستەی ئامارەوە ئامادە دەکرێن سەبارەت بە کوالێتی داتا ئاماریەکان.
5. هێماکردنی بازاڕکاری Branding
   - بەرهەمە ئاماریەکانی دەستە بە هێمایەکی بازاڕکاری تایبەت هێمادەکرێن.
6. مافی بڵاوکردنەوە
   - سەرجەم بەرهەمە ئاماریەکان ئاگاداریەك ئاڕاستەی بەکارهێنەران دەکات بۆ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی داتاکان و میکانیزمی ووتە وەرگرتن (الإقتباس).
   - خشتە ئاماریە بڵاوکراوەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی دەستە داتای وەسفی پێوەری لەخۆدەگرێت.

## چوارەم: نرخ دانان لەسەر بەرهەم و خزمەتگوزاریە ئاماریەکان

1. بنەما سەرەکیەکان

أ- بەرهەمە ئاماریەکانی بێ بەرامبەر:

أ- گشت ڕاپۆرتە ئاماریەکانی بەردەستن لە پێگەی ئەلیکترۆنی فەرمی

ب- گشت خشتە ئاماریەکانی بڵاوکراوە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی

ت- بەیاننامە ڕۆژنامەوانی یەکان

پ- میتۆدەکانی کارکردن لەنێوانیاندا ڕاپرسی و پۆلینەکانی بەکاردێن بەپێی بنەما سەرەکیەکانی ئامارە فەرمیەکان.

ج- داواكارییەكانی خزمەتگوزاری جەماوەر كە كاتی پێویست بۆ ئامادەكردنی لەلایەن كارمەندی تەكنیكی لە سێ كاتژمێر تێپەڕنەكات.

ح- داتای خاو كە شیاو بێت بۆ بەكارهێنانی گشتی لەلایەن دامودەزگا حكومیەكان و دەزگاكانی ئەكادیمی و لێكۆڵینەوەی قازانج نەویست و قوتابی زانكۆ.

خ- ڕاپۆرتی ئاماری چاپكراو (Hard copies) بۆ لایەنی دیاریكراو وەك دیاری.

ب- بەرهەمە ئامارییەكانی بە بەرامبەر:

أ- داواكارییەكانی خزمەتگوزاری جەماوەر كە كاتی پێویست بۆ ئامادەكردنی لەلایەن كارمەندی تەكنیكی لە سێ كاتژمێر زیاترە (جگە لەو حاڵەتانەی ئەگەر لایەنی داواكار دەزگای حكومی بێت یان دەزگای هاوبەش بێت).

ب- داتای خاو كە شیاو بێت بۆ بەكارهێنانی گشتی بۆ بەرژەوەندی كەرتی تایبەت یان مەبەست لە بەكارهێنانیان قازانجكردن بێت.

| بەرهەمەكان/خزمەتگوزاریەكان | بێ بەرامبەر | بە بەرامبەر | تێبینی |
|---|---|---|---|
| بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی | × | | |
| داتا و ڕاپۆرتی بەردەست لە پێگەی ئەلیكترۆنی | × | | |
| داتای شیاو بۆ بەكارهێنانی گشتی PUF | × | × | بەگوێرەی لایەنی داواكار |
| داواكاریەكانی خزمەتگوزاری جەماوەر | × | × | بێ بەرامبەر ئەگەر كاتی پێویست بۆ ئامادەكردنی كەمتر لە سێ كاتژمێر بێت و بەگوێرەی لایەنی داواكار |
| ڕاپۆرتی ئاماری چاپكراو ( Hard cover) | × | | ئەولەویەت بۆ لایەنە دیاریكراوەكان وەك دیاری |

2. لایەنەكانی دیاریان پێشكەش دەكرێت

أ- لایەنەكانی دیاریان پێشكەش دەكرێت بریتیە لە چەند لیستێك بە ناوی دەزگاو تاكەكەسان كە دەستەی ئامار بەرهەمە ئامارییەكانیان بەخۆڕایی پێدەبەخشن، ئەم لیستانەش لەلایەن سەرۆكی دەستە یان ئەوانەی ڕێیان پێدەدرێت پەسەند دەكرێت.

3. داشكاندن و بەخشین

أ- داشكاندنو بەخشین بۆ خزمەتگوزاریو بەرهەمە ئامارییەكان پەیوەست دەبێت بە ڕەزامەندی سەرۆكی دەستە یان ئەو كەسەی ڕێگەی پێدەدات.

## پێنجەم: پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ بەکارهێنەران

1. گفتوگۆی نێوان بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەران

أ- یەکێك لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی بڵاوکردنەوە گفتوگۆکردنە لەگەڵ بەکارهێنەرانو هاوبەشان لە ڕێگای کۆبوونەوەی دووقوڵی یان ووِرك شۆپ کە لایەنانی پەیوەندیدار لەخۆ دەگرێت یان پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی لە ڕێگای لیستی ئیمەیلی ڕێکخراو بەپێی بابەتی پسپۆڕی یان بایەخدان ( Customized mailing lists).

ب- پلانی کاری جێبەجێکردنی ڕووپێوی ئاماری چەند چالاکیەك لەخۆدەگرێت کە ئامانجی بەکارهێنەرانەو گشت قۆناغەکانی ڕووپێوەکە هەر لە قۆناغی ئامادەکاری بۆ ڕووپێویو قۆناغی جێبەجێکردنو بڵاوکردنەوە ڕوومال دەکات.

ت- دۆسیەی سەرەتایی جێبەجێکردنی هەر ڕووپێوێك پلانێکی کار لەخۆدەگرێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەکارهێنەران.

2. ڕووپێوی ڕەزامەندی بەکارهێنەران

أ- دەستەی ئامار بەردەوام هەڵدەستێت بە ڕاپرسیکردنی بەکارهێنەران سەبارەت بۆ کوالێتی بەرهەمو خزمەتگوزاریەکانی دەستە لەوانە ڕاپۆرتە ئاماریەکانو پێگەی ئەلیکترۆنیو خزمەتگوزاریەکانی جەماوەرو هەروەها ئەو ووِرك شۆپانەی لەلایەن دەستەوە سازدەکرێن.

ب- بەپێی دەرەنجامەکانی ڕووپێوی، دەستەی ئامار پلانەکانی کارو ستراتیجیەتی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ بەکارهێنەران و هاوبەشان هەمواردەکاتەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان.

3. خزمەتگوزاری جەماوەر

أ- بەشی بڵاوکردنەوەی دەستە بەرپرسیار دەبێت لە وەرگرتنو بەدواداچوونو بە بەڵگەکردنی سەرجەم داواکاریەکانی داتا کە بۆ دەستە دەنێردرێن بەپێی ڕێکاری تایبەت بە داواکاریەکانی خزمەتگوزاری جەماوەر.

ب- داواکاریەکانی داتا لە ماوەی **پێنج ڕۆژی کار** جێ بەجێ دەکرێن لە بەرواری وەرگرتنیانو کەسی پەیوەندیدار ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر ماوەی زیاتر پێویست بوو.

ت- گشت داواکاریەکانی داتا لە داتابەیسی خزمەتگوزاری جەماوەر دادەنرێت لەگەڵ چەند ووردەکاریەك کە ڕێگەبدات بە دەرهێنانی ڕاپۆرتی ئاماری بۆ ئەوەی یارمەتیدەربێت لە بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو.

پ- لێکۆڵینەوەی ساڵانە ئامادە دەکرێت لەسەر سروشتی داواکاریەکانی داتا کە دەستەی جێبەجێی نەکردوونو ڕاسپاردەکان سەبارەت بە دابینکردنی داواکاریەکان لەسەرچاوەی تر.

**شەشەم: برەودان (الترويج) بە بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی دەستە**

أ- برەودان بە بەرهەمو خزمەتگوزاریەکانی دەستە لە رێگای نامیلکەی تایبەت دەبێت بۆ ئەم مەبەستە "نامیلکەی خزمەتگوزاریەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان" یان نامیلکەیەك دەربارەی کارو چالاکیەکانی دەستەی ئامار. ئەم بابەتانەش ساڵانە تازە دەکرێنەوە.

ب- برەودان بە کارو چالاکیەکانی دەستە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەکارهێنانی کەرەستەی جۆراوجۆردا ئەنجام دەدرێت.

ت- ئەو وۆرك شۆپو کۆبوونەوانەی لەلایەن دەستەوە ئەنجام دەدرێت سوودیان لێوەردەگیرێت بۆ مەبەستی برەودان بە دەستەی ئامار.

پ- برەودان بە کارو چالاکیەکانی دەستە ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئامارەکان لە رێگای هۆیەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (Social Media) بڵاودەکرێنەوە.

ئەم سیاسەتە لە بەرواری 2014/06/01 پەسەند کرا.

**سیروان محمد محی الدين**

**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان - عیراق**